# چەند ئامۆژگاری و ڕێنماییەك بۆ باوكان ودایكان

## سەبــارەت بە پــەروەردەكــردنی كــوڕان وكچــان

---

**نوسینی**

الشيخ: د. أحمد بن مبارك المزروعي

**وەرگێڕانی**

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەكان

---


**لە بڵاوكراوەكانی**

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

الحمد لله والصَّلاة والسَّلام على رسول الله......

ئەمە زنجیرەیەكە كە چەند ئامۆژگاری و ڕێنماییەك لەخۆدەگرێت بۆ دایكان وباوكان كە پشت ئەستوورە بە چەند فەرموودە و ئەسەرێك بەكورتی بەئومێدی ئەوەی كە خالص بێت بۆخوای گەورە و سوودی هەموو موسڵمانانی تێدا بێت.

١- چاك بزانە كە بارێكی قورسە و پشت بەخوا ببەستە لەسەر پەروەردەكردنی منداڵەكانت چونكە ئەوە خێر وچاكەیە، نیمری ئەشعەری دەڵێت: وتویانە: "الأدب من الآباء والصَّلاح من اللَّه عز وجل". [١]

واتە: ئەدەب لە باوكەوە و چاك بوونیش لە خواوە.

٢- دوعای دایك وباوك قبوڵە بۆیە لەسەرتە دوعای خێـر وچاك بوون بۆ منداڵەكانت بكەیت، هەرگیز دوعایان لێ نەكەیت، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لا تدعوا على أنفسكم ولا تدعوا على أولادكم ولا تدعوا على أموالكم لا توافقون من الله ساعة يُسأل فيها عطاء فيستجيب». [٢]

واتە: دوعا لەخۆتان و منداڵتان ومـاڵتان مەكەن نەوەك هاوكات بێت لەگەڵ كات وساتی گیرابوونی دوعـادا و وەڵام بدرێتەوە.

---

[١] [كتاب العيال لابن أبي الدنيا(٣٢٩)].

[٢] [رواه مسلم(٣٠٠٩)]

٣- سووربە لەسەر هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنی باشترین وچاکترین ناو بۆ منداڵەکانت، چەند ناو هەیە کاریگەری هەبووە لەسەر کوڕ و کچ.

ابن عباس رضي الله عنه دەڵێت: "من رزقه الله ولداً فليحسن اسمه وتأديبه فإذا بلغ فليزوِّجه" [٣]

واتە: هەرکەسێك خوای گەورە منداڵێکی پێ بەخشی با ناوێکی باشی لێ بنێت و ئەدەبێکی چاکیشی بدات و ئەگەریش باڵغ بوو هاوسەرگیری بۆ بکات.

٤- پەلەبکە لە دانانی نازناوی چاك بۆ منداڵەکانت پێش ئەوەی نازناوی خراپیان پێوە بنرێت، وە وریاش بە خۆت ئەو کەسە نەبیت کە نازناوی خراپ بەمنداڵەکەتەوە دەنێیت.

شاعیر دەڵێت: أُكنِّيه حين أناديه لأُكرمه *** ولا أُلقِّبه والسَّوأة اللَّقب

٥- سووربە لەسەر چاندنی باوەڕ ویەکخواپەرستی لە دڵ وناخی منداڵەکانتدا چونکە ئەوە وشەی چاك و داری بەردار و دامەزراوە.

جندب البجلی رضي الله عنه دەڵێت: "كنَّا مع رسول الله صلى الله عليه وسلم ونحن فتيانٌ حزاورة -الصَّبي يقارب البلوغ-، فتعلَّمنا الإيمان قبل أن نتعلَّم القرآن، ثمَّ تعلَّمنا القرآن، فازددنا به إيمانًا" [٤] واتە: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین هێشتا مێرمنداڵ بووین فێری ئیمان و باوەڕی دەکردین پێش ئەوەی فێری قورئان ببین، پاشان فێری قورئان دەبووین و ئیمانمان پێی زیاد دەبوو.

---

[٣] [كتاب العيال لابن أبي الدنيا (٢٨٣) ].

[٤] [رواه ابن ماجة(٦١)].

٦- وشەی یەکخواپەرستی فێری منداڵەکانت بکە و ماناکەیان بۆ شی بکەرەوە، چونکە ئەوە ئەو بنچینەیەیە کە بینای لەسەر دادەمەزرێت.

٧- منداڵەکانت فێری ناو وصیفاتە بەرز وپیرۆزەکانی خوای گەورە بکە و وای لێ بکە هەمیشە هەست بە چاودێـــری خوا بکات، چونکە ئەوە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەدڵ وناخ و زمان و ئەندامەکاندا بۆ چاککردنی پەروەردەو چاکبونی رەوشت وئاکاری ئەو منداڵە.

پێشەوا ابن القیم – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

« فإذا كان وقت نطقهم فليلقَّنوا لا إله إلا الله محمَّدٌ رسولُ الله وليكن أوَّل ما يقرع مسامعهم معرفة الله سبحانه وتوحيده وأنَّه سبحانه فوق عرشه ينظر إليهم ويسمع كلامهم وهو معهم أينما كانوا».[٥]

واتە: ئەگە منداڵ گەیشتە کاتی قسەکردن سەرەتا زمانی بکەرەوە بە وتنی وشەی " لا إله إلا الله محمَّدٌ رسولُ الله " و با یەکەم شتێك دەدرێت بەگوێیاندا ناسینی خواو یەکخواپەرستی بێت و ئەوەبێت کە خوای گەورە لەسەر عەرشە و سەیریان دەکات و قسەکان دەبیستێت و لەگەڵ دروستکراوکاندایە لە هەرکوێ بن.

---

[٥] [تحفة المودود (٣٨٩)].

٨- سووربە لەسەر چاندنی باوەڕهێنان بە پێغەمبەران لەدڵی منداڵەکانتدا و فێری ژیاننامە و ئەو بەرنامەیە بکە کە ئەوانی لەسەر بووە لە خێر وچاکە و بانگەواز و چاکەکاری.

٩- خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ لەدڵی منداڵەکانتدا بڕوێنە و فێری ژیاننامەی ئەویان بکە و ڕایان بهێنە لەسەر شوێنکەوتنی سوننەتەکانی چونکە جێ بەجێ کردنی سوننەتەکانی هەمووی خێرە و وازلێ هێنانیشی هەمووی شەڕ وخراپەیە.

١٠- خۆشەویستی هاوەڵان لەدڵی منداڵەکانتدا بڕوێنە و فێریان بکە کە ئەوانە باشترینی نێو ئەم ئومەتەن لەدوای پێغەمبەران وئاشنای ژیاننامەی ئەوانی بکە کە چۆن ئەم دینەیان سەرخستووە و زانستیان هەبووە و لە لوتکەی خوڕەوشتدا بوونە.

١١- بیرت نەچێت کە گوێڕایەڵی بۆ کاربەدەستانی موسڵمانان لەچاکەدا فێری منداڵەکانت بکەیت بەوەی کە کاربەدەستان پلەوپایە و پێگەیان هەیەو بۆ ڕایی کردنی کاروباری موسڵمانان بەسوود و پێویستن.

وە هەروەها ئاگاداری بکەرەوە لە تانەدان لە کاربەدەستان وزانایان بۆ ئەوەی دین ودونیا نەدۆڕێنێت.

١٢- هانی منداڵەکانت بدە بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە لەژێر ئالاّوسێبەری کاربەدەستانیاندا و پێیان بڵێ ڕەحمەت وهێز لەیەك ڕیزیدایە وسزاو لاوازیش لە پەرتەوازەییدایە.

وە هەموو ئەمانە ڕێگاکەی بریتیە لە عیلم جا بۆیە هانیان بدە لەسەر فێربوونی عیلم وزانستی بەسود.

سوفیانی سەوری – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت: "ينبغي للرَّجل أن يُكره ولده على العلم فإنَّه مسؤول عنه". (٦)

واتە: پێویستە پیاو زۆر لەمنداڵەکەی بکات لەسەر فێربوونی عیلم چونکە ئەو بەرپرسە لێی.

١٤- منداڵەکانت دووربخەرەوە لە کۆڕ و مەجلیسی بیدعەکاران و مەهێڵە گوێیان لێ بگرێت و فێریان بکە کە ئەم عیلمە دینە بۆیە سەیربکەن و وردبنەوە لە کێ وەری دەگرن.

پێشەوا مالك – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت: " لا تمكِّن زائغ القلب من أذنك فإنَّك لا تدري ما يعلقك من ذلك ". (٧)

واتە: هەرگیز مەهێڵە دڵ نەخۆشێك شتێکت پێ بڵێت چونکە نازانیت چی پەیوەستت دەکات بەوەوە.

(٦) [سيرأعلام النبلاء للذهبي(٢٧٣/٧)]

(٧) [الكتاب الجامع لابن أبي زيد(١٥٢)].

١٥- نوێژ ئەو عیبادەتەی کە دەبێت لەحەوتساڵیدا فەرمانیان پێ بکەیت و لە دە ساڵیدا ئەگەر نەیانکرد لێیان بدرێت بەسووکی ئەگەرنا ئەوا تۆ بەرپرسی لەتەمەڵی و کەمتەرخەمیان لەمەڕ نوێژنەکردن. چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «مروا أولادكم بالصَّلاة وهم أبناء سبع سنين واضربوهم عليها وهم أبناء عشر سنين».[٨]

واتە: فەرمانی نوێژکردن بکەن بە منداڵەکانتان لە تەمەنی حەوت ساڵیدا و لێیان بدەن لەسەری کە گەیشتنە تەمەنی دە ساڵی.

١٦- منداڵەکانتان وریا و ئاگادار بکەرەوە لە دەمەدەمێ و چەلەحانێی بێ سوود، چونکە دەرگای شەڕ وخراپە و پەرتەوازەییان لێ دەکاتەوە.

١٧- شوکری نیعمەت وسوپاسگوزاری لەناخ ودڵی منداڵەکانتدا بڕوێنە وفێریان بکە کە هەمیشە سەیری خواری خۆیان بکەن و هەرگیز نیعمەتی خوا بەسەریانەوە بەکەم تەماشا نەکەن.

١٨- گرنگی بدە بەوەی منداڵەکانت قورئان لەبەر بکەن و لێی تێ بگەن و کردەوەیشی پێ بکەن، وە پێیان بڵێ: ئەمە قسەی خوایە بۆ تۆ بۆیە پێچەوانەی فەرمانەکانی مەکە چونکە تیادەچیت.

---

(٨) [رواه أبوداود(٤٩٥)].

**لە عبداللە ی كوڕی عیساوە – رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت – دەلیٚت:**

**"لا تزال هذه الأمَّة بخير ما تعلَّم ولدانها القرآن".** [٩]

**واتە: بەردەوام ئەم ئوممەتە لە خیٚـــردایە مادام مندالّەكانیان فیٚـــری قورئان دەبن.**

**١٩- مندالّەكانت پەروەردە بكە لەسەر دلّ ودەروون سەلامەتی و دلّفراوانی و حەسوودی نەبردن و گومانی خراپ نەبردن نەبوونی رِق و كینە لە ناخیاندا.**

**٢٠- مندالّەكانت فیٚری ئاكار جوانی و چاك بوون لەگەلّ دراوسیٚ بكە و وایان لیٚ بكە دەم بەخەندە بن و زەردەخەنەیان هەبیٚت بۆ خەلّكانی هەژار ودەستكورت، و ئاگاداریان بكەرەوە لە گرژی و مۆنی و خۆبەگەورە زانین.**

**ابن عومەر رضي الله عنه دەلیٚت:**

**"أدِّب ابنك فإنَّك مسؤول عن ولدك ماذا أدَّبته وماذا علَّمته وأنَّه مسؤول عن برك وطواعيته لك".** [١٠]

**واتە: رۆلّەكەت ئەدەب بدە چونكە تۆ بەرپرسی لیٚی لەوەی چیت ئەدەب داوە و چیت فیٚركردووە و ئەویش بەرپرسە لەوەی چاك بیٚت بۆت و گویٚرِایەلّیت بكات.**

---

[٩] [كتاب العيال لابن أبي الدنيا (٣٠٩)].

[١٠] [سنن البيهقي(٤٨٧٧)].

پێشەوا ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

"وممَّا يحتاج إليه الطِّفل غاية الاحتياج الاعتناء بأمر خلقه فإنَّه ينشأ على ما عوَّده المربي في صغره من حَرْد وغضب ولجاج وعجلة وخفة مع هواه وطيش وحدَّة وجشع فيصعب عليه في كبره تلافي ذلك وتصير هذه الأخلاق صفات وهيئات راسخة له، فلو تحرَّز منها غاية التحرُّز فضحته ولا بدَّ يوما ما، ولهذا تجد أكثر النَّاس منحرفة أخلاقهم وذلك من قبل التَّربية التي نشأ عليها".[11]

واتە: ئەوەی منداڵ زۆر پێویستی پێیەتی ئەوەیە کە گرنگی بدرێت بە لایەنی ڕەوشت وئاکاری، چونکە لەسەر ئەو جۆرە پەروەردەیە گەورە دەبێت کە لە منداڵیدا فێری کراوەو لەسەری ڕاهێنراوە لە ڕەزیلی وگۆشەگیری وسەرەڕۆیی و سەرسەختی وهەڵەشەیی و پەلەکردن وتوندوتیژی، بۆیە لەتەمەنی گەورەییدا قورس و نارەحەتە لەسەری ئەو ڕەفتارانە لەخۆیدا نەهێڵێت و پێچەوانەی ئەوانە مامەڵە بکات، و هەموو ئەو ئاکارانە دەبنە صیفات و خورەوشت لەگیانیدا و هەڵسوکەوتیان پێوە دەکات و دەبن بەبەشێکی دانەبڕاو لێی، وە ئەگەریش بیەوێ لەخۆی دەریان بکات ئەوا ئابڕوی دەچێت و ئەزیەتێکی زۆر دەبینێت، بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لارێ بوونە لەڕووی خورەوشتەوە هەر ئەوانەن کە پێشتر لەمنداڵیدا پەروەردەیەکی خراپ کراون.

---

[11] [تحفة المودود(٤٠٠)].

٢١- بە منداڵەکانت بڵێ جیاوازی نییە لە نێوان عەرەبی و جگە لە عەرەبی یان هیچ نەتەوە و ڕەگەزێك مەگەر بە تەقوا ولەخواترسان نەبێت بۆیە ئەو کەسەی پلەوپایەی لە تۆ نزمترە و لەتۆ دەستکورتترە بە چاوی سووکەوە تەماشای مەکە.

٢٢- منداڵەکانت دووربخەرەوە لە کۆڕ و دانیشتنی پڕوپوچ و گۆرانی وسەما وژاوەژاو، چەندین کاریگەری خراپ ونەرێنی هەیە و نەخۆشی دەڕوێنی لەدڵدا کە دەرئەنجامەکەی باش نابێت.

پێشەوا ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

"كذلك يجب أن يتجنَّب الصَّبي إذا عقل مجالس اللَّهو والباطل والغناء وسماع الفحش والبدع ومنطق السُّوء فإنَّه إذا علق بسمعه عسر عليه مفارقته في الكبر وعزَّ على وليّه استنقاذه منه فتغيير العوائد من أصعب الأمور يحتاج صاحبه إلى استجداد طبيعة ثانية والخروج عن حكم الطَّبيعة عسر جدا".[١٢]

واتە: بەهەمان شێوە دەبێت منداڵ کاتێك تێدەگات دووربخرێتەوە لە کۆڕ و دانیشتنی قسەی پڕوپوچ و باتڵ وگۆرانی و قسەی نابەجێ و خراپ، چونکە ئەگەر گوێ ڕاهات لەگەڵیدا ئەوا لە زۆر ئاستەم و نارەحەتە لەگەورەییدا بتوانێت وازی لێ بهێنێت و سەخت دەبێت لەسەر سەرپەرشتیارەکەی کە بتوانێت لەو دەردە رزگاری بکات لەبەر ئەوەی گۆڕینی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەسەریان ڕاهاتووە و خوی پێوە گرتوون لە سەختترینی کارەکانە و دەبێت دووبارە

---
[١٢] [تحفة المودود(٤٠٠)].

خۆی ڕابهێنێت لەگەڵ خونەریتێكی تازەدا، جا بۆیە دەرچوون وقوتاربوون لە حوكمی تەبیعەتێك زۆر نارەحەت وقورسە.

٢٣- نەكەیت منداڵەكانت جێ بهێڵیت لەبەردەم تەلەفزیۆندا، چونكە چەندین شەڕ و خراپە كۆكراوەتەوە بەتایبەت لەو شتانەی كە پێیان دەوترێت (فیلم كارتۆن).

٢٤- كوڕەكانت فێری پیاوەتی بكە ودووریان بخەرەوە لە تێكەڵاوی مێینە بۆ ئەوەی لەسەر مێبازی و سروشتی ئافرەتان گەورە نەبن.

٢٥- كچەكانت فێـری مێینایەتی و دایكایەتی بكە و دووریان بخەرەوە لە تێكەڵاوی كوڕان بۆ ئەوەی كەسایەتیەكی نزیك لە دوو ڕەگەزیت بۆ پەیدا نەبێت.

٢٦- منداڵەكانت دووربخەرەوە لە خۆچواندن ولاسایی كردنەوەی بێباوەڕان لە جلوبەرگ وجەژنەكان ورەوشتیاندا، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «فمن تشبَّه بقوم فهو منهم »[(١٣)]واتە: هەركەسێك خۆی بچوێنێت بە گەلێك ئەوا لەوانە.

جا پێویستە زۆر وریای ئەو خاڵە بین ئەوەش لەبەر ئەوەی لاسایی كردنەوە وخۆچواندنی رووكەش تۆوی خۆشەویستی لەناخ و دڵدا دەڕوێنێت و پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی: «المرء مع من أحبّ».[(١٤)]واتە: مرۆڤ لەگەڵ ئەو كەسە دەبێت كە خۆشی دەوێت.

---

(١٣) [رواه أبوداود(٤٠٣٣)].

(١٤) [رواه البخاري (٦١٦٨)ومسلم(٢٦٤٠)].

٢٧- چاودێریان بە و وەكو دەوترێت (پەتیان بۆ شل مەكە) و بەرەهایی ئازادیان مەكە، چونكە منداڵ ئەگەر هەستی بە متمانەیەكی كوێرانە كرد ئەوا هەواو ئارەزوو دەبێتە ڕێپیشاندەری و ژیری دەكوژێت.

٢٨- گومانی خراپ زاڵ نەبێت بەسەرتدا و هەمیشە تۆمەتباریان بكەیت بە شتانێك كە نەیانكردووە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكەیت لەسەر شتانێك كە نزیكیشی نەكەوتونەتەوە.

٢٩- تۆ هاوڕێیان بۆ هەڵمەبژێرە ! بەڵام فێریان بكە چۆن هاوڕێ هەڵدەبژێرن لەسەر بنەمای دین و ژیری و وەفا.

پێشەوا إبراهیم الـحـربی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێــت:

"جنِّبوا أولادكم قرناء السّوء قبل أن تصبغوهم في البلاء كما يصبغ الثوب" [١٥]

واتە: منداڵەكانتان لە هاوڕێی خراپ دووربخەنەوە پێش ئەوەی بۆیە بكرێن بە بەڵا وكارەسات وەكو چۆن كەلوپەل بۆیە دەكرێت.

٣٠- دایان بنیشێنە لەگەڵ پیاوان و ئەدیبان وكەسانی ژیر و زانایان و ئامادەیان بكە بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو جۆرە كەسانەدا چونكە عەقڵ ئاوێزان دەبێت.

ولمَّا دفع عبد الملك ولده إلى الشَّعبي يؤدِّبهم قال رحمه الله:"علِّمهم الشِّعر يمجدوا وينجدوا وحسِّن شعورهم تشتدَّ رقابهم وجالس بهم علية الرِّجال يناقضونهم الكلام" [١٦]

---

[١٥] [ذم الهوى لابن الجوزي (٢٦٦)]. [١٦] [العيال لابن أبي الدنيا(٣٢٣)]

٣١- ببە بە پێشەنگ بۆیان و لەپێش چاوی ئەوان هەڵە وتاوان مەكە چونكە چاوەكان تەماشات دەكەن و كردارەكان بە تۆوە گرێدراون.

٣٢- كاتەكانیان بۆ ڕێك بخە وپلانی ڕۆژەكەیان بۆ دەستنیشان بكە و مەهێڵە كاروباریان هەڕەمەكی بێت و لەسەر بێ بەرنامەیی و كەمتەرخەمی وكات بەفیڕۆ دان با گەورە نەبن چونكە لەئایندەدا بەو شێوەیە دەبن.

٣٣- هاوڕێیان بە كاتێك پێویستیان بە هاوڕێیەتی هەیە، وە ببە بە باوك كاتێك پێویستیان بەباوك هەیە، وەكو پزیشك بە بۆیان و پەلەمەكە لە پێدانی چارەسەر هەتا شوێنی نەخۆشیەكە نەدۆزیتەوە.

٣٤- كاتێكیان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەرچی لەناخ ودڵیاندا بێت دەری ببڕن لە خەم وگلەیی بۆ ئەوەی لای كەسێكی تر نەیدركێنن كە نەزانێت ئامۆژگاری و ڕێنماییان بكات.

٣٥- هەفتانە دەرچوونێكیان بۆ ئەنجام بدە بۆ كات بەخۆشی بەسەربردن ولێیانەوە نزیك ببەرەوە وفێری ئاكاری چاك وئادابی شەرعیان بكە.

٣٦- ئەو سوننەت و زیكرانەیان فێربكە كە ڕۆژانە پێویستیان پێی هەیە بۆ ئەوەی بە پەروەردگار وپێغەمبەرەكەیانەوە پەیوەست و دەستگرتووبن.

٣٧- فێریان بكە كە ئامۆژگاری و پاشگەز بوونەوە لە قسەی خراپ قبوڵ بكەن، چونكە خێر لە وەرگرتنی ئامۆژگاریدایە و فەزڵ وچاكەش لە پاشگەزبوونەوەی بەڵێن و قسەی خراپدایە.

٣٨- دەست بهێنە بەسەری منداڵەکەتدا وماچی بکە و بەسنگتەوە بیگوشە وبیپارێزە بە زیکرە شەرعیەکان، چونکە ئەوە کاریگەری زۆری لەسەری هەیە ودەیپارێزێت، چونکە جاری وا هەبووە حوسەین ﵁ هاتووە بۆ لای پێغەمبەری خواﷺ ئەویش ماچی کردووە وفەرموویەتی: « اللَّهمَّ إنِّي أحبُّه فأحبَّه وأحبَّ من أحبَّه».(١٧)

واتە: خوایە من خۆشم دەوێت و تۆش خۆشیت بووێت و ئەوەیشت......؟

٣٩- هاوڕێیان بە و بە بەزەیی بە لەگەڵیاندا، چونکە نەرم ونیانی ناچێتە ناو هیچ پرس و بابەتێکەوە ئیلا جوانی دەکاتەوە، ئەنەس ﵁ دەڵێت:

"ما رأيت أحدًا أرحم بالعيال من رسول اللَّه صلى الله عليه وسلم". (١٨)

واتە: هیچ کەسێکم نەبینیوە ئەوەندەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەبەزەیی بێت بۆ منداڵان.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

« ليس منَّا من لم يرحم صغيرنا».(١٩)

واتە: لە ئێمە نییە ئەوەی بەزەیی بە بچووکماندا نەیەتەوە.

---

(١٧) [ رواه البخاري(٢١٢٢)].

(١٨) [رواه مسلم (٢٣٦١)]

(١٩) [رواه البخاري في الأدب المفرد(٣٥٦)]

٤٠- خۆبەگەورە زان و توندو وشك مەبە بەڵكو لەنێوان خۆشەویستی و بەخشیندا بە بۆیان، وە باخۆشەویستیت ڕێگرنەبێت لێت لەوەی ئامۆژگاری بكەیت وئەدەبی بدەیت، بەشێوەی (شوورەیح) بە لەگەڵ كوڕەكەیدا، شورەیحی قازی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – كوڕێكی هەبوو وازی لە قوتابخانە هێنا و ڕۆیشت یاری لەگەڵ منداڵان و سەگدا دەكرد و شورەیحیش داوای قەڵەمێك و حوبر و پەڕەی كردو بۆ مامۆستاكەی نووسی:

ترك الصَّلاة لأكْلُب يسعى لها *** طلب الهراش مع الغواة الرجس

فإذا أتاك فعظنَّه بملامة *** وعظْه موعظة الأديب الأكيس

وإذا هممت بضربه فبدرة *** وإذا ضربت بها ثلاثاً فاحبس

واعلم بأنَّك ما أتيت فنفسه*** مع ما يجرعني أعزّ الأنفس [٢٠]

٤١- ئەگەر لێت دا ئەوا با بەهۆی هۆكارێكەوە بێت كە بگونجێت لەڕووی كات وشوێنەوە، ونەكەیت لەدەموچاو یان لێدانی تۆڵەسەندنەوە یان لێدانێكی بەئازاربێت بەڵكو با لێدانێك بێت بۆ ئەدەبدان و بەزەیی وخۆشەویستی .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:« إذا ضرب أحدكم فليجتنب الوجه، ولا تقل: قبَّح اللَّه وجهك» [٢١] واتە: ئەگەر لە یەكێكتان دا ئەوا لەدەموچاو دووربكەونەوە، ومەڵێن: خوا ڕووت قەبیح بكات.

---

[٢٠] [العيال لابن أبي الدنيا(٢٧٩)].

[٢١] [رواه أحمد في المسند(٩٦٠٢)].

٤٢- بەدواداچونت هەبێت بۆ منداڵەکانت لە قوتابخانە وخوێندن لەڕووی ئاستی زانستی ورەوشتەوە، چونکە منداڵی کەمتەرخەم ولاواز بەهۆی بەدواداچوونی سەرپەرشتیارەکەیەوە چالاکتر دەبێت و چالاکەکەش لەسەر زیرەکی خۆی بەردەوام دەبێت ودەبێـە هاندەر بۆی، و هەرگیز لێی بێ ئاگانەبیت چونکە ئەوە یەکێکە لەگرنگترین ئەرکەکان لەسەر شانت.

٤٣- هانی منداڵەکانت بدە لەسەر جدیەت وچالاك بوون و دووریان بخەرەوە لە تەمبەڵی وبێ کاری ودەست بەتاڵی، چونکە خێر وچاکە لە کەسانی تەمبەڵەوە دوورە.

٤٤- کاتی بەتاڵ گەنجان لەدەست دەدات بۆیە مەهێڵە کاتی بەتاڵی هەبێت، بەڵکو کاتەکانی رێك بخەوە پڕی بکەرەوە بە خێری دینی ودونیایی بۆ ئەوەی سەرقاڵ نەبێت بەشتانێکی بێ کەڵك و بێ بایەخەوە بۆ دین و دونیای.

٤٥- منداڵەکانت دووربخەرەوە لە زمان پیسی وقسەی ناشرین و ڕایان بهێنە لەسەر جوانترین دەربڕین و باشترین گوزارشت.

٤٦- هاوەڵێتی منداڵەکانت بکە و دابەزە بۆ ئاستیان بۆ ئەوەی بەرزیان بکەیتەوە بۆ ئاستی کەسانی ژیــر.

٤٧- ڕێگری نەكەیت لە منداڵ لەیاری كردنی حەڵاڵ وسوودبەخش چونكە سروشتی وەهایە و حەزی منداڵیە، بەڵام پشتگوێیشی مەخە بەبیانوی ئەوەی منداڵە لەهەندێ یاری كە زیانبەخش وخراپە.

جارێكیان حەسەنی بەصری لەگەڵ پیاوێكدا دێتە ماڵەوە دەبینێت چەند منداڵێك لەسەربان خەریكی یاری كردنن پیاوەكە لێیان خوڕی بۆ ئەوەی یاری نەكەن بەڵام حەسەنی بەصری ووتی: " دعهم فإنَّ اللَّعب ربيعهم".[٢٢]

واتە: وازیان لێ بهێنە چونكە یاری كردن بەهاریانە.

٤٨- خۆت و خێزانت هاوكار وهاریكاری یەكتر بن لە پەروەردەكردنیاندا و بەرنامەی پەروەردەكە یەكبخەن و ئامانجەكەش ڕوون بكەنەوە و ڕاوێـــژبكەن لە بڕیاردادا.

٤٩- نەكەیت هەرگیز خۆت خێزانت ڕاجیاواز و ناكۆك بن لەپێش چاوی منداڵەكان چونكە هەیبەت ناهێڵێت و ڕێنمایی و ئامۆژگاریەكان لاوازدەكات و ئێوەیان لەپێش چاو دەكەون.

٥٠- كچەكانت هەر لەگەڵ گەورە بونیان ڕایان بهێنن لەسەر پۆشینی حیجابی شەرعی و بەدووریان بگرن لە لەبەركردنی جلی تەنك و تەسك ، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو جلە ناشەرعیانە ڕانەیەن و كە گەورە بوون نەتوانن جلی شەرعی بپۆشن .[٢٣]

---

[٢٢] [العيال لابن أبي الدنيا(٥٩٠)].

[٢٣] (ئەم خاڵە لە لایەن ستافی وەڵامەكانەوە زیاد كراوە )

له کۆتاییدا داواکارم لەخوای میهرەبان که منداڵانی موسڵمانان سەرکەوتوو بکات بۆ گرتنه بەری ڕێگای چاك و خێری پێغەمبەران و وایان لیَ بکات ڕێبازی پیاوچاکان و لەخواترسان بگرنەبەر و دووریان بخاتەوە له ڕێچکەی خراپ و ناپەسەند، وە داواکاریشم له خوای گەورە که ئەم کارە خێردار بکات وبەرەکەتی تیَ بخات و وای لیَ بکات تەنها له پێناوی ئەودا نوسیبیێتم و لەبەر ئەو بیێت بەتەنهایی و سووبەخشیش بیێت بۆ گشت منداڵی موسڵمانان.